چەند نیگەرانییێکی ڕەوا

# لەپەراوێزی شەڕی ئەمریکادا

(2 -1)

غياث الدين نقشبندي

کێشەی کورد لەدوای رزگارکردنی شارو دەڤەرە داگیرکراوەکانی بەردەستی رژێمی عیراقی ڕوخاوو تەڤنی ئالۆزی کێشەی کورد لە دەڤەرەکە ئالۆزتر دەکاتو دەیکات بە گرێیکی توند, نەخاسمە لە دیدی نێودەوەڵەتیو دوارۆژی خەباتی رزگاریخوازی کوردستان وەك ستراتیجیەکی درێژخایەن.

سیاسەت وەك هەر زانستێکی دیکە ئامێری تاقیکردنەوەو ئەزمونکردنی پێویستە, ئەگەر مەترمان بۆ پیڤانی درێژی بوێ‌و کیلۆمان بۆکێشانی قورسایی بوێ, بیگومان شیکردنەوەو سیستەمێکی ئەگەرایەتی چاکمان دەوێ کە لەسەر بنەماییێکی زانستی تییۆری فەلسەڤی/سیاسی دامەزرابێت, بۆ ئەوەی هەنگاوی دوەمی خۆمان مسۆگەرکەینو ستراتیجی خەباتی رزگاریخوازی کورد مسۆگەرتر ڤەهونین.

ئەگەر تورك هاتە ناو خاکی باشور, چی دەبێت؟ وئەگەر نەهات چی دەبێت, چونکی تورکیا یان دێت ! یان نایێت! سێ لەوانەی نیە, تەنها دوە! ئەگەر هات چی دەبێت, سوودەکان- زیانەکان وپێچەوانەش. ئەگەر بەم جۆرە پیڤانی باری سیاسی بکەین, لەژێر رۆشنایی ئەو زانینانە زمانێکی دیبلۆماسی باشترمان دەبێتو دەتوانین بەباشتر هەنگاوی دوهەم باوێژین.

هاتنی تورك بۆ کوردستانی باشوور لەو بارە ناسکەدا تەنها قوڕەکەی خەستتر دەکاتو زیانی هاتنەکە زۆر لەسودەکەی زیاترە, تورکیا ڤەد کاری وا ناکات کە کوردی باشوور وباکوور تێکەڵببنو هەبوونی نەژادی تورك بخەنە مەترسی لەناوچوونێکی زۆر ئاسان, ترسیشیان هەرلەوەبوو بۆیە لە کاتێکدا کە لەو پەڕی پێویستی دۆلارێك بوون دەیان ملیار

دۆلاری خەلاّتی ئەمریکایان ڕەتکردەوە, ترسیان لە پاشەڕۆژێکی شێلوو بڕوانەکردنیان بە ئەمریکا هاندان بون بۆ ڕتکردنەوەی ئەو بڕە پارەیە!!.
هێشتان زۆرجار گوتاری سیاسی کوردی نەرمایەتی دەنوێنیٚو لەبەر چەند هۆیێکی دیارو نادیار, ئەگەرچی هیچ جارێك نەرمایەتیمان لە دەولّتە ئەقلیمیەکان دەربارەی کێشەی کورد نەبیستوە. هەمیشە نەتەوەی کورد – بەدیدی ئەوان- جێگای گومانەو هەمیشە بەچاوێکی کەم سەیری دەکەن ونزم ڕەفتاری لەگەلّدا دەکەن. تورکیا بۆی هەیە نیگەرانی خۆی بگەیێنێتە لوولەی تۆپ لەبەر دوواڕۆژی تورکمانەکان ( تەنها ئەوانی لە جێگا پڕ نەفتەکان) و کورد بۆی نەبیٚ نیگەرانی دەربڕیٚ کە شاژنێکی وەکو لەیلا زانا نیوەی ژیانی خۆی لەزیندانی تورکدا بردۆتە سەر. نازانم ئەو کێشەیە لەناو دانیشتنە دیبلۆماسیەکانی کورد - ئەمریکا- تورك, چەندی بەچەند, ئایا بۆچی کورد ئەریٚ دەبی ئەمریکا پێشنیاری هاتنی چاودێری تورك بۆ کەرکوكو موسلٚ بەسەر کورددا دەسەپێنیٚ وکورد ناتوانیٚ کەس بنێرێتە زیندانەکانی دیاربەکرو باتمان, بۆ ئەوەی باری کورد لەویٚ چاودێربکەن.
ئەگەرچی بزانین کە داواکارییێکی مەحالەو تورك ڕێگای پێنادا, هیچ نەبیٚ داوای دەکەم بۆ ئەوەی کەپسوولی داواکاریەکەی تورکیا بەتالٚ کەمو ئاخاڤتنێك بدەمە دەست گفتوگۆکەری ئەمریکا بۆ ئەوەی بیخاتە سەر مێزی مفاوەزە, وەك کاغەزێکی فشار, پرۆسەی بەکارهێنانی کاغەزی فشاریش شتێکی باوە لە ناو زمانی دیپلۆماسیو زۆرجار لەسەر مێزی مفاوەزات لە هەموو شتێکی تر کاریگەرترە.
ئەگەر کورد باری خۆی لەم ڕۆژگارەدا بە لاواز بزانێت, ئەوە من دلّنیام هیچ رۆژێکی تری وای بۆ نارەخسیٚ, ئەوروپا بە راشکاوی گەڤ لە تورکیا کردوەو ئەمریکا بە ئاشکراتر لە قەوچەیانی داوەو عەرەب بە هەموو شێوەیێك دژی رەفتارەکانی تورکیانو تورکیا بەخۆشی لەژێر نالّەی قەرزو هەلّوەشانەوەی سیستمی ئیداریو ئابوریدا دەنالّێنیٚ, ئەگەر ئەمریکا تورك بە هاوپەیمانی خۆی بزانیٚ, ئەوە لەزۆر جێگا گوتویانە: راستە تورکیا هاوپەیمانمانە, بەلاّم ئەو هاوپەیمانەتیە زۆر بەگران لەسەر ئەمریکا رادەوەستیٚ, جگە لەمەش کاری جارانی پێنەماوە بۆ ئەوەی بەرگری شەپۆلّی کۆمۆنیستی یان ئیسلامی پێبکات, کەواتە تورکیا بە هەمو حیسابۆ لێکدانێك, ریٚگای خۆی نابینیٚ هیچ رەفتارێکی هەرزەکارانە بکاتو خۆی لە هەموو شتێك ڕوو ڕەشبکات, ئەوەیان لە لایێك. لایەکەی

تریش, تورکیا باش دەزانێ کە ناتوانی هەمان رەفتاری کە لەگەڵ کوردستانی باکوور دەیکات, لە باشوور بیکات, لەبەر چەند هۆییێکی دیار کە نامەوێ زیاتر روونیان بکەم, تورکیا لە هەموو لاییێکەوە کلاّوی خۆی گرتوە با نەیبات.
کشانەوەی هێزە کوردیەکان لە کەرکوك‌و موسڵ بەکارێکی راست نازانم, چونکی بەراستی تورکیا هیچی پێناکرێ.
گریمان ئەگەر کەسیتریشمان لە ئەمریکا زیاتر نەبێت, هەر نابێ باوەرێکی کوێرانە بە ئەمریکاش بکەین, دەبێ هەمیشە تەرازوی پەیوەندی نێوان ئەوان‌و ئەوروپا راگرین, چونکی, تەنها ئەوروپا دەتوانێ فشار بخاتە سەر ئەمریکاو ببێتە پاڵپشتێکی تر بۆ کورد, نەخاسمە ئەوروپا ئەمرۆ لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا لەهەستاندایەو یەکگرتنی ئەوروپا لەدوواڕۆژێکی نزیکلەوانەیە تەرازوی زلهێزی بگۆڕێ. ئەمریکا سەرەڕای زلهێزی‌و تواناو ی ئابووریو تەکنۆلۆجی بەرەو چرمسین دەڕوات‌و نۆرەی گەشبوونی ئەستێرەی ئەوروپایە, تاکەی خۆمان بەدڵسۆزانە بکەین بە قوربانی سەودای بزنز؟
جارێکی تر دیرۆك ڕێگای ئەوەمان پێنادات بڵێین: بەخوا نەمانزانی ئەمریکا وا زوو دەمانفرۆشێ. ئەگەرچی ئەمریکا ئێستا دۆستی کوردیش بێت, تەنها لەبەر ئەوەیە کە کاری زۆر بەکوردە, ئێمەش دەبێ بەقەد ئەو کارە بڕوای پێبکەین‌و سەیری دەوڵتەکانی دونیا بکەین چۆن مامەڵە لەگەڵ داواکاریەکانی ئەمریکا دەکەن‌و بۆخۆمان شتێك لە دژمنیش فێربین, چۆن وا بڕوای ساغ‌و بێگەرد بە ئەمریکا بکەین؟! کە هیچی نوسراومان نیە, تەنها ئاخاڤتنەو ئاخاڤتنی مەسئولێکیش لە بواری سیاسەت هیچ نرخێکی یاسایی نیەو هی ئەوەش نیە دووا رۆژی میللەتێکی پێوە گرێبدەین. ئەگەر کاریان بە ئێمە تەواو بوو چی دەکەین؟ ملی کێ دەگرین؟ وکێ گوێی لەدەنگی ئێمەمانان دەبێت‌و کێ ئاوڕمان لێدەداتەوە, ئەو کاتە نوێنەرە کوردەکان لە ئەوروپا بە مانگ مەسئولێك نابینن‌و ئەگەر دیتیان لەوانەیە وەك جوناتان راندل لە کتێبی ( أمه فی شقاق) دا دەڵێ لەوانەیە فەرمانبەرێکی سکرتاریەتیان بۆ بنێرنە پرسگەو لەوێ چاییێکیان دەرخواردەدەن‌و داوای لێبوردن بکەن کە هیچ مەسئولێك ڤالاّ نیە بۆ ئەوەی بیانبینێ.
ئێستا دەبێ لەهەموو کاتێك زیاتر ئەو پەنجەی ئەمریکا بگوشین کە ژاندەکات, بۆ ئەوەی هەبونمان بسەلمێنین, نەك شارەکانیان بۆ بگرین شەهید بدەین دواتر تورکیان پێ گرنگتر بێ لە ئێمە.
لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێشتر باسمکردن تورکیا ناتوانێ بەردەوامی بەشەڕێك بدات لەگەڵ کوردی باشوور تەنها ترساندنە, چونکی تورکیا زیاتر شت لێکدەداتەوەو ئاخاڤتنی زیاتر

جێگای بەرپسیاریە لەناو کۆمەڵگای دەولی، لەکوردی بێکەس‌و وەڵات کە تائێستا هەر بەمیلیشیا ناوی براوەو زۆر حیساب بۆ ئاخافتنەکانی نەکراوە. بە هاتنی تورك بۆ کوردستانی باشوور. ودروستبوونی شەڕێکی لاوەکی، نەك هەر کورد ئاخاڤتنی ئەمریکا دەشکێنێ، بەڵکو تورکیش بە هاتنی خۆی مەزنترین هەڵە لەگەڵ ئەمریکادا دەکات‌و ئەنجامی ئەو شکاندنە لەسەر تورك بەقورستر دەکەوێ. ئەو کاتەی کورد پێویستی بو پەیمان لەنێوان ئەمریکاو تورکیا دروستنەبێت، بەشێوەیێکی مۆدرن کارەکەی خۆی ئەنجامداو نێوان تورکیاو ئەمریکای شێواند، ئەوەندەش بۆ گوتارە کوردپەروەرەکەی سەرکردە کوردەکان‌و خۆپیشاندانی خەڵکی کوردستان‌و خەباتی کوردەکانی دەرەوە، لەکاتێکدا کە سەرکردە کوردەکان گرێیان لەسەر رزگارکردنی شوێنە داگیرکراوەکانی کوردستانیان دەکرد، کارەکە دوای رزگارکردنی عیراق هێڵێکی دیکەی وەرگرت‌و بەدەست وپێیەوە خۆیان خستە ناو گرفتە عیراقیەکان، زیاد لەپێویست و دەستیان بە کردنەوەی مەقەڕو بنکە کرد بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن‌و ململانێی یەکتری، تاکو پلەی بێزاربونی ئەمریکا لە بارەکە، نەك هەرئەوەندەش، بەڵکو شەهیدیشیان لە خاکێك دا کە هیچ پەیوەندییێکیان پێوە نیە، ڕێگاشیان بۆ کەسانی عەرەبی ئۆپۆزسێنی سەدام خۆشکرد بۆ ئەوەی لەدووارۆژدا لەکوردستان بنکە بکەنەوەو بەبێمنەتی بڵێن ئەوەش خاکی عیراقە، هەروەها بەناراستەوخۆش رێگا بەعەرەب بدەن بو ئەوەی لەشوێنەداگیرکراوەکان دەرنەچن‌و بلێن ئەوەش خاکی عیراقە.

دووای سێزدە ساڵ ئازادی، خەباتی کورد گەیشتۆتە قۆناغێکی دیرۆکی، ئەگەر ئەمریکامان لەگەڵدا بێت، گرفتمان نیە، بەڵام ئەگەر ئەمریکا پشتی تێکردین، چی دەکەین نەخاسمە هەمومان دەزانین کە ئەمریکا هەموو شتێکی هەیە، تەنها ئەخلاقی سیاسی نیە، هەرکاتێ بیەوێ زۆر بەئاسانی واز لەکورد دێنی، چونکی هیچ نوسراوێکی پابەندی نیە، ئەگەر هەشیبێ هەر وەکو نوسراوی ناتۆ نابێتو هەموشمان لەبەرچاومانە ئەمریکا چی لە هاوپەیمانی دێرینی ناتۆ کرد کاتی بەرژەوەندیەکەیان یەکی نەگرتەوە! بینیمان چۆن کیسەیان لەسەری جەندرمەی تورك کرد بەرەو ناکوێ راپێچکران.

نازانم بۆ دەرکردنی هێزەکانی تورکیا لەخاکی کوردستانی باشوور، حزبە دەستەڵادارەکان چاوەڕێی چی دەکەن؟ چاوەڕێی ئەوەن نێوان تورکیاو ئەمریکا خۆشببێتەوە ئینجا بەهەردوکیان بەیەکەوە لەکورد بدەن؟ وەکو تاقیکردنەوەی شەڕی عیراق‌و ئێران.

لەم کاتە ناسکەدا دەبێ رێزێکی زیاتر بۆ ئیرادەی میللەتی کورد دابندرێ‌و هەر هەمووی نەکەن بە پابەندی یەك ئاخڤتنی مەکتب سیاسیەکان.

لەدوای سەرهەلدانی پیرۆزی کورد, یەکیێتی شەپۆڵی چەپی لەکوردستان لەناو خۆی تواندەوەو پارتیش شەپۆڵی راستی هەڵمژیو گۆڕەپانێکی مەزنیان بە بۆشایی هێشتەوە بۆ دروستبوونی ئیسلامیە فەندەمینتاڵەکان. ئەگەر ڕێگا بدەن شەپۆڵێکی ئەلتەرناتیڤی ناسیونالیستی بێگەرد دروست ببێت,, مەترسی هاتنی فەندەمینتاڵەکان کەمدەبێتەوەو پێچەوانەشی هەر وایە: ئەگەر ڕێگا بە دروستبوونی ئەو شەپۆڵە نەدەن, ئەوە بێگومان فەندەمینتاڵەکان دەبن بە هێزی سێهەمو هیچکامیان, نە یەکیێتیو نە پارتی دەتوانن لەناویان بەرن, حەتمیەتیش هەمیشە دەوری خۆی بەچاکی لەناو دیرۆکدا دەبینێو کەسێك نیەو نەبوە بتوانێ بەرامبەری ئەو حەتمیەتە بوەستێ, ئەگەرچی بە خوێندنەوەییێکی پراگماتیکیش, سەیری مەتریالیزمی دیرۆك بکەین.